### گفتوگۆیەک لەگەڵ [بۆرخیس]

# خەونەکانم کابوسن بەڵام ئومێدەکانم جوانن

وەرگێڕانی: کارزان محەمەد



خورخێ لویس بۆرخیس (٢٤ی ئابی ١٨٩٩-١٤تەممووزی ١٩٨٦) کە یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەرجەنتین، بەهۆی بەرهەمەکانییەوە چەندین خەڵاتی بەناوبانگی بەدەستهێناوە، لەساڵی (١٩٦١)یشدا بەهاوبەشی لەگەڵ (سامۆیل بیکێت) خەڵاتی (فۆرمنتەر)ی بەدەستهێنا، بەرهەمەکانیشی بۆ چەندین زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوە کە بەناوبانگترینیان کتێبی (سەدەی بیستەم)ە.

ئەمەش کورتەیەکە لە گفتوگۆیەکی هەمەلایەن کە بەرلەکۆچی دوایی، لەگەڵ ناوبراودا ئەنجامدراوە.

*** کام چیرۆکی خۆتت زیاتر خۆش دەوێت؟**

- پێموایە چیرۆکی (باشوور) بێت، لەبەرئەوەی دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆمە، وانییە؟ نەخۆشخانە، نەشتەرگەریی مێشک... هەموو ئەوانە کۆمەڵێک رووداون کە بەڕاستی هاتۆتە سەر رێگەم. سەرم نەشتەرگەریی کرد، بەتەواوەتی دەستم لە بەرزترین خاڵداوە، تۆش دەستی لێبدە (بۆخیس هەردوو دەستی

بەسەر مووەکانی سەریدا دەهێنێت) ئا ئێرەم، باوەڕ بکە زۆر ترسناک بوو، هەرکاتێک بەشەقامێکدا ڕەت ببوومایە کە لەسەر ڕێگەکەدا نەخۆشخانەیەک هەبێت، ئەوا ڕێگەکەم دەگۆڕی و بەڕێگەیەکیتردا دەڕۆیشم.

*** تا ئەو شوێنەی کە من بزانم، چیرۆکەکانت دوای ئەو نەشتەرگەرییە نووسی؟**

- بەڵێ، ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا، دەمویست بەپەلە ڕابکەم بەڵام لەسەر پێپلیکانەکان کەوتم و سەرم بەر زەوییەکە کەوت و سەرم شکا، ماوەیەکی زۆر لەسەر تەختەی نەخۆشخانە مامەوە...کاتێکیش هۆشم هاتەوە، ترسم لەمە بوو کە چیتر نەتوانم بەباشی بیر بکەمەوە، دڵنیا نەبووم کە توانستی بیرکردنەوەم هێشتا هەر سەلامەتە یاخود نا، چەند ڕۆژێکی دوای ئەوە، چەند پەرتوکێکی ئینگلیزیم بەدەستگەیشت، دایکم کڕی بووی و بۆی خوێندمەوە تا بێتاقەت نەبم، لەهەمانکاتدا ترسم لەمە بوو کە نەوەک هیچ تێنەگەم، سەرەنجام ڕۆژێکی دەستم بەخوێندنەوەیان کرد و کاتێکم زانی دەگریم، دایکم نیگەرانی من بوو بەڵام پێموت هیچ ڕووی نەداوە، ڕووداوێکی خۆش ڕوویدا و شێت نەببووم و هێشتا ئاوەزم لەجێگەی خۆی مابوو، دواتر لەخۆم پرسی کە ئێستا دەتوانم بنووسم یاخود نا؟. ئەگەرچی بێگومان دەمتوانی، بڕیارمدا کە بەچیرۆکێکی کورت دەستپێبکەم چونکە هیچ کاتێک نەمنووسیبوو. بەخۆمم وت کە ئەگەر هەر نەشمتوانی بنووسم ئەوا بەهۆی ئەو کێشە هەمیشەیەوەیە کە نووسین کارێکی پڕ لەگرفتە. وانییە؟ چیرۆکێکم نووسی و خراپیش نەبوو، بڕیارمدا هەمان چیرۆک بپارێزم و بەلامەوە خۆش بوو.

*** کام لە چیرۆکەکانتان ئەتۆبیۆگرافییە؟**

- بەنزیکەیی هەموویان بەو چەشنەن، زۆر سەختە کە مرۆڤ دەربارەی شتێک بنووسێت کە پەیوەندی بەخۆیەوە نەبێت، هەمیشە مرۆڤ دەربارەی کێشەکانی خۆی دەنووسێت، تۆش باشتر ئەوە دەزانی، ئەدەبیات لە دونیادا یارمەتیدەرێکی بەهێزە، من بەم چەشنە بیر دەکەمەوە، چونکە بۆنموونە منیش وەک زۆرینەی مرۆڤەکانی ئەم دونیایە لەوە نائاسودە دەبم کە لەبری ئەوەی دابنیشم و بیر لە بەدبەختییەکەم بکەمەوە، دەڕۆم سۆراغی ئەدەبیات دەکەم و سوود لە هەلومەرجە هەستیارەکانی بەسەرهاتێک وەردەگرم. بۆنموونە چیرۆکی (فانس یاخود یادەوەریی) کە لەڕاستیدا چیرۆکێکی ماندووکەرە وانییە؟ ئەم چیرۆکەم کاتێک نووسی کە نەخۆشی بێخەوییم هەبوو. زۆربەیجار بێخەویی لەسەری دەدام و کابوسم دەبینی.

هەموو شەوێک، هەر کاتێک دەچووم بخەوم، ترسێکم هەبوو کە نەیدەهێشت بخەوم، بەدەست خۆم نەبوو، ژوورو خانوو و ژیان و هەموو شتەکانی دەوروبەرم دەهاتە زەینمەوە، ئازاری دەدام و خراپی پێکهاتەی ئەو شتانەم دەبینی، ئەگەر وامدابنایە کە هەموو ئەو وێنانەی لەدونیادا بینیومن و هەموو ڕووخساری مرۆڤەکان و شێوەی سەرجەم ئەو شوێنانەی کە دەمناسین، هەمیشە بێنە خەیاڵدانمەوە، ئەوا دنیا لەبەرچاوم زۆر ترسناک دەبوو.

هەربۆیەشە ئەم چیرۆکەم نووسی، چیرۆکی پیاوێکە کە یادەوەرییەکی بێکران و پیوستە دارد. دوای ماوەیەکی کورت بێخەوییەکەم نەما، چونکە من سیمبولی هەموو بێخەوییەکانم لەم کورتە سەرگەردانەدا دەدۆزییەوە کە ناوی (فانس) بوو.

*** بەزۆریی کابوست دەبینی؟**

- بەڵێ کابوسم دەبینی.

هەمیشە یەک شتم دەبینی، زۆر بەسادەیی دەتوانێ ئەم مەسەلەیە ڕوونبکەمەوە. ئەم جۆرە کابوسانە لەو ساتانەدا دەمبینی کە چیتر نەمدەتوانی بخوێنمەوە و چاوم خەو دەیبردەوە، بەڵام ئێستا بەنزیکەیی هەموو شەوێک خەو دەبینم کە دەتوانم بخوێنمەوە، خەو دەبینم و لە خەونمدا کۆمەڵێک نووسینم دەدەنێ و دەمەوێ بیانخوێنمەوە، بەڵام کاتێک نووسینەکان دەبینم، ناتوانم بیانخوێنمەوە، کاتێک دەتۆڕمە وشەکان، مەوداو ژمارەیان زۆرە و

سەرەنجام بەرەو نەمان دەچن. وشە بێدەنگەکانیشم بەدوای یەکدا دووبارە دەبنەوەو دەبنە نووسین.

هەمیشە بیری کوێربوونم دەکردەوە، ئەم خەونانەم سیمای پەیوەندیی منن لەگەڵ خوێندنەوەو نووسیندا. بێگومان ئەم کابوسانە کەمێ جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، دەمخوێندەوە، ئەو شتانەم دەخوێندەوە کە لێی تێدەگەیشتم و بێگومان زۆریش نەناسراو نەبوون، بەڵام ئەوەم قبوڵ کردبوو کە دەمەوێ بخوێنمەوە، پاشان هێشتا هەڵنەستابووم لەخەو کە خۆم بەخۆمم دەوت نەشتوانم بخوێنمەوە، هەر پێموابوو کە دەتوانم، خوێندنەوە دنیایەکیترە، خوێندنەوە دەبێ لە دەقێکی ڕاستەقینەوە بێت، ئەم خەونانە هێندە ئازاریان دەدام تا ئەو ساتەی کتێبەکەم دادەخستەوە، بەڵام ئێستا گرفتاری جۆرێکیتری خەو بووم، دەبێ نووسینێکی ئاڵۆز بخوێنمەوە، ئەو نووسینانەی کە وشەکانی پچڕپچڕن، کابوسێکیتریشم هەیە، هەندێکجار خەون دەبینم کە لە (بۆینس ئێرس) ون بووم و ناتوانم بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە، ئەمەش هەمان ئەو چەشنە خەونانەیە کە دەیبینم، هەمیشە دۆستەکانم دەڵێن کە کابوسەکانت هیچکاتێ ئاڵۆز نین. لەکاتێکدا من هەموو کاتێک بمەوێ بخەوم، دیسانەوە لەترسی ئەو خەونانە دەترسم. پێشتر هەموو خەونەکانم بۆ دایکم دەگێڕایەوە، بەڵام دوای تەمەنی (٥) پێنج ساڵی، وازم لەم کارە هێنا، ئێستا دایکم تەمەنی (٩٥) ساڵەیە، کەمێ دەمەوێ بەسویسرایی لەگەڵی بدوێم، چونکە دواپلەی خوێندنم لە سویسرا بوو، ئێستاش دایکم پیر بووە، ئەگەر کابوسەکانی بۆ بگێڕمەوە، دەگاتە ئەو بڕوایەی کە بەدڵنیاییەوە شێت بووم یاخود ڕووداوێک ڕوویداوە. ئێستاش زیاتر دایکم کابوسەکانی خۆیم بۆ دەگێڕێتەوە.

**سەرچاوە:**

http://mydocument.ir/main/index.php